# ئەودەمەی.. مانگ

زانا سامان

ئەودەمەی مانگ عاشق دەبێ
چاوێك نیە
تەماشای رونێتی بكا
هیچ پەنجەیەك
توانای نابێ
خۆی بۆ ڕاكێشێ
ئەستێرە نیە
لەحزووریا
خەریكی پەخشكردنی
تروسكەكانی دڵی بێ،
ئاسمان لەحەژمەت جوانیەكەی
هەور دەكاو
باران دەگرێ
زەوی پرچی شانەدەكاو
كانی حەزی لێ دەتەقێ
(با) لولدەخواو
شەپۆلی نێو رۆحی دەریا
بەخەبەردێنێ،
ئەو دەمەی
مانگ
عاشق دەبێ..
پەنجەرەكان
بۆ گەیشتنی هەندێك
روناكایی ئەوین

سنگی خۆیان والآ دەکەن

باڵندەکان

چیتر ناترسن

لەبێدەنگی شەوان و

بەگەردوونی خۆشبەختیا

سەما دەکەن

عاشقەکانیش

دەیانەوێ دوور هەڵفرن

بە بەرزایدا تێپەرن

تا بۆهەمیشە

تێکەڵ بەیەقینی مانگبن

لەبەر ئەوەی

تامی خۆیان خۆشتر بکەن

هەرچی میوەی دنیا هەیە

تەردەبنەوەو

لەو شەوەدا

سەرلەنوێ چرۆ دەردەکەن،

ئەو دەمەی مانگ...

سیروان دەبێتە کانیلەو

کاێزیش دەبێتە زەریا

کەعاشق دەبێ

هێلانەیەك

لەنێو لەپی شاعیرێکدا

دەبێتە جێژوانێکی تر

خۆر..

ئارەزووی ساتەوەختی

ئەوین دەکاو

تیشکەکانی خۆی دادێنێ

پێنوس..

دەکەوێتە گەڕان

بۆ دۆزینەوەی

نامەیەکی عاشقانە

بەرۆخی شەقامەکانی

بێداریدا

نیگاکانیش

لەماوەی راچەنینێکدا

تەتوێنەوەو

تنۆك.. تنۆك

دەرژێنە نێو

چەمی بێهودەبوونەوە،

ئەودەمەی مانگ.. عاشق دەبێ

لەگەڵ نەرمی رۆشتنیاندا

گشت پیاسەکان

هەڵدەخزێنە

هەسارەیەکی ترەووەو

دڵنیایی دەدۆزنەوە

خەڵوەتکێشان

لەئامێزی

پەنجەی ناسکی شایەتمان

دەردەچن‌و

کلی پەیڤێك

بەچاوی مانگدا دەهێنن

برینداران

زەنگی شادیان پێدەگاو

دەنك.. دەنك

لەچاوی مانگی چواردەدا

یاقووتی عەشقیان بۆ دەرژێ

مۆمەکانیش

لەبەرپێی سۆزی شەواندا

ماتەم دەبن

چونکە عاشق

هەتا بەردەم روناکایی مانگی هەبێ

بەدیار مۆمی حەزینەوە

دانانیشێ،

ئەودەمەی.. مانگ

جوتێ گوارەی نازەنینی

عومری دەوێ

خەناوکەیەکی رەنگینی

دڵەی خوناوی خۆی دەوێ

زەمیلەیەك

سێوو لیمۆو هەناری مێخۆشی دەوێ

ئەوکاتەی مانگ

نازی جوانی خۆی پەخشەکا

شیعرو

پەنجەو

پێنوسەکەم

هەرچی پێویستبێ بۆی دێنن

تەنهاچێتی عەشق نەبێ.

بەهاری/2007